
# وەرزشکاران بە دەنگی بەرزی خۆیان دەڵێن بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان



**دانا جومعە پاڵەوانی لەشجوانی:**

وەکو وەرزشوانێك دەنگ بە بەڵێ دەدەم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، ئێمەش وەکو هەموو تاکەکانی سەر رووی زەمین مافی سرووشتیی خۆمانە ببین بە خاوەنی دەوڵەت و ئاڵای خۆمان بۆ ئەوەی خەونەکانمان بێتەدی کە لە پێناوی سەدان هەزار شەهیدمان داوە و دەربەدەری زۆرمان بینیوە بۆ گەیشتنە بەم رۆژە مێژووییە، ریفراندۆمیش موڵکی هیچ حزب و لایەنێك نییە، بەڵکو موڵکی هەموو تاکێکی کوردە بە هەموو نەتەوەکانی دیکەی هاونیشتمان کە بە یەکەوە دەژین لەسەر ئەم خاکە، دەربەدەری و گوند خاپوور کردن و کیمیابارانکردن و زیندەبەچاڵکردن هەموومان بەسەر هاتووە، ئێستاش لە سایەی قوربانییەکانمان هەمووان دەتوانین بە دەنگی بەڵێ خۆمان بکەین بە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆمان کە مافێکی سرووشتیی خۆمانە.




**وەلید عارەب یاریزانی تۆپی بالەی هەڵبژاردەی عێراق:**

وەکو یاریزانێکی شاری هەولێر داوا لە هەموو وەرزشوانێك دەکەم دەنگ بە بەڵێ بدەن بۆ ئەوەی بتوانین بگەین بە ئامانجی خۆمان و ببین بە خاوەن دەوڵەتێکی سەربەخۆ وەکو هەموو وڵاتان و بە ناوی وڵاتی کوردستان و بە ئاڵای نەتەوەی کوردەوە بەشداری لە پاڵەوانیەتی ئاسیا بکەین و هەڵبژاردەی کوردستان دروست بکەین، با بەس بێت ژێردەستی و زوڵم و زۆرداری و مانەوەمان لەگەڵ دەوڵەتێك کە هیچ کاتێك بەرژەوەندی ئێمەی نەویستووە، بەڵکو دژایەتیشی کردووین. بۆیە من پێم باشە بڵێن بەڵێ تاوەکو لە دەرەوەی کوردستان وەك هاووڵاتیەکی خاوەن دەوڵەت هەڵسەوکەوتمان لەگەڵ بکرێت و رێزمان لێ بگیرێت. بیرمان نەچێت هەزاران شەهیدمان داوە لە پێناو کوردستان و زیاتر لە هەزاران دایك جەرگسووتاو بوون بۆ ئەوەی کوردیش سەربەخۆیی خۆیان ببینن، بۆیە دووبارە دەیڵێمەوە جارێکی تر ئەم دەرفەتە بۆ کورد نابێتەوە و دەبێت هەموومان بە ژیرانە هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەم بارودۆخە بکەین بە وشیەك دڵی هەزاران دایکی شەهید دڵخۆش دەکەین، دڵی هەموو برا پێشمەرگەکانمان خۆش دەکەین، دڵی ئەو شەهیدە سەربەرزانە خۆش دەکەین کە لەلایەن تیرۆریستانی داعش سەریان لە جەستەیان بووەوە، بۆیە دەڵێم بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان.



**عماد ئەسعەد کاپتنی یانەی وەرزشیی پێشمەرگەی هەولێر:**

وەك تاکێکی کوردستانی لە رۆژی گشتپرسی لە هەرێمی کوردستان بە بەڵێ دەنگ بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەدەم، هیواداریشم هەموو هاونیشتمانیانی کوردستان ئەم رۆژە بکەنە کەرنەڤاڵی سەرکەوتن و خۆشی و دەنگدانیان بە بەڵێ ببێتە سمبولی خوێنی شەهیدانی کوردستان، ئێستا هەلێکی باشمان لەبەر دەستە بۆ ئەوەی بتوانین خەونی سەدان ساڵەی نەتەوەکەمان بهێنینەدی، هەمووشمان لە رۆژی گشتپرسی بە پەرۆشەوە دەبێت بچینە سەر سندوقەکانی دەنگدان بۆ ئەوەی خوێنی شەهیدانمان بەفیڕۆ نەچێت، داواکارم لە هەموو لایەنە سیاسییەکان ئەم رۆژە گرنگ و مێژووییە بکەنە هەلێك بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، داوا لە هەموو وەرزشکارانیش دەکەم رۆژی ٢٥ی ئەم مانگە بکەنە کەرنەڤاڵی گەورەی سەرکەوتنی دەوڵەتی کوردستان بە دەنگەکانیان و دەنگی بەڵێ بە گوێ جیهان بگات.



# 25 ئەیلوول

## بەڵێ بۆ کوردستان

هاووڵاتیانی کوردستان لە سەرجەم شاروشارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان چرکە بە چرکەی رۆژژمێری گەیشتن بە خەونە لەمێژینەکەیان دەژمێرن بۆ ئەوەی بگەن بە رۆژە مەزنەکە کە ئەویش ٢٥ی ئەیلوولە، وەرزشکارانی کوردستانیش لە شارەکانی کوردستان دەیانەوێ لەم رۆژەدا کاریگەری گەورەیان هەبێت لەسەر سەنلوقەکانی دەنگدان، ئەویش بە دەنگە (بەڵێ) یەکانیان بتوانن ئەم رۆژە مێژووییە بکەنە رۆژێکی گەورەی نیشتمانی لە مێژووی نەتەوەکەمان، چونکە زوڵم و زۆرداری و خاپوورکردن و ئەنفال و کیمیاباران و جەرگسووتانی دایکانی کوردستانیان لە بیر نەچۆتەوە لە بەرامبەر تیرۆریستانی دژی نەتەوەکەمان و حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق کە هەموو نەهامەتییەکیان بەسەر میللەتەکەماندا هێنا، بۆیە وەرزشکاران دەنگی خۆیان دەخەنە پاڵ دەنگی سەرکردایەتی کورد بۆ ئەوەی لە رۆژی دەنگدان بە دەنگی بەرزی خۆیان بچنە سەر سنلوقەکانی دەنگدان و بڵێن: بەڵێ بۆ سەربەخۆیی کوردستان، لێرەشدا ژمارەیەك لە وەرزشکارانی کوردستان راوبۆچوونی خۆیان بۆ گۆڵان دەخەنەڕوو.



**مەزن محەمەد راهێنەری تیپی فوتساڵی یانەی ئافرەتانی هەولێر:**

بەڵێ بۆ سەربەخۆیی، سەربەخۆییەك کە نەتەوەکەمان بە درێژایی مێژووەکەی بۆی تێکۆشاوەو سەدان هەزار قوربانی داوە بۆ ئەم مەبەستە، ئەمە ئامانجی هەموو تاکێکی کوردە و هەندێك هەنگاویش هەن دەبێت جێبەجێ بکرێن تا پرسی سەربەخۆیی و ریفراندۆم سەرکەوتوو بێت و وەکو پرسێکی نیشتمانی سەیر بکرێت و خەڵکیش دڵنیابێت لە دەوڵەتێك کەوا هەموومان بە خۆشی و بە ئارامی بحسێینەوە تێیدا، ئێمەش وەکو وەرزشوانان خۆزگە بۆ ئەم رۆژە دەخوازین لە ژێر ئاڵای خۆمان بتوانین وەرزش بکەین، ئەوەش مافێکی سەرەتایی خۆمانە، بۆیە داواکارم لەسەرجەم وەرزشکارانی کوردستان کە ئەم رۆژە گرنگە بکەنە رۆژێکی مێژوویی و دەنگ بە بەڵێ بدەن بۆ ئەوەی خەونی سەدان ساڵەی نەتەوەکەمان بێتەدی.



**قاسم جەمیل راهێنەری تیپی تۆپی پێی کچانی گازی باکوورو هەڵبژاردەی کەرکووك:**

وەکو وەرزشکارێکی شاری کەرکووك بە دڵ و بە گیان لەگەڵ گشتپرسیم و هیوادارم گەلی کوردستان بگاتە ئامانجەکانی و ببێتە خاوەنی بڕیاری خۆی لە ناو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. هەر هەموو بنەماکانی دەوڵەتیش لە ناو کوردستان هەیە و هیوای منیش وەکو وەرزشوانێك ئەوەیە کە بتوانین تیپێکی کچان بۆ هەڵبژاردەی کوردستان دروست بکەین و ببینە نوێنەری خۆمان، چونکە زۆربەی یاریزانەکانی هەڵبژاردەی عێراق کچانی کوردن، بۆیە لە رۆژی گشتپرسی بە دەنگە (بەڵێ)یەکانمان دەچینە سەر سندوقەکان و دەتوانین ببینە پێگەیەکی بەهێز وەکو وەرزشوانان، وەکو کەرکووکییەك دەتوانین خۆمان بگەڕێنینەوە سەر کوردستان و دەوڵەتی خۆمان هەبێت، بژی کوردستان، بژی سەربەخۆیی و بژی یەکڕیزیی حزبەکانی کوردستان، هیواداریشم ئەوە رۆژە بکرێتە کەرنەڤالێکی گەورەی وەرزشی لە سەرجەم شارەکانی کوردستان.



**هاوژین عەبدولڕەحمان یاریزانی تۆپی سەرمێز لە سلێمانی:**

دروستبوونی دەوڵەتی کوردی ئاواتی لە مێژینەی گەلی کوردە، پێموابێت هەموو تاکێکی کورد لە چاوەڕوانی ئەو رۆژەیە کە ببێتە خاوەنی دەوڵەت و ئاڵای خۆی، ئێمەی یاریزانانیش ئاواتمانە بە ئاڵا و ناوی دەوڵەتی خۆمانەوە بەشداری پاڵەوانیەتییە نێودەوڵەتییەکان بکەین، بێگومان دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان هەلی باشتر دەڕەخسێنێت بۆ ئێمەی یاریزانان تابتوانین بەشداری کێبڕکێیە نێودەوڵەتییەکان بکەین، ئەویش بە دەنگدانمان بە بەڵێ بۆ سەربەخۆیی و دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان، وەکو هەموو نەتەوەکانی تریش ئێمە مافی سرووشتیی خۆمانە نیشتمان و ئاڵا و دەوڵەتی خۆمان هەبێت.

# لەپێناو ١٠ ملیۆن یۆرۆ
# بارسا ئەستێرەیەکی لە دەستدا




یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی لەدوایین ساتەکانی گواستنەوەی هاوینەی یاریزانانندا بۆ گواستنەوەی ئەنخێل دی ماریای ئەرژەنتینی گرێبەستێکی ئاراستەی یانەی پاریس سان جێرمان کردووە.

رۆژنامەی لیکیپی فەرەنسی بڵاویکردووە یانەی بەرشلۆنە گرێبەستێکی بەبڕی ٤٥ یۆرۆ لەگەڵ ٥ ملیۆن یۆرۆ وەك پاداشت، بۆ گواستنەوەی دی ماریا پێشکەشی یانەی پاریس سان جێرمان کردووە.

لیکیپ بڵاویشیکردووە یانەی پاریس سان جێرمان بە دەستبەرداربوون لە دی ماریا ڕەزامەند بوون، بەڵام داوای ٦٠ ملیۆن یۆرۆیان کردووە.

بەپێی هەواڵی رۆژنامە فەرەنسییەکە یانەی بەرشلۆنە داوای یانە پاریسییەکەیان ڕەتکردووە و رایانگەیاند ئامادەنین لەو نرخە زیاتر خەرج بکەن، بەو هۆکارەش گواستنەوەی دی ماریا لە باخچەی شازادەکانەوە بۆ نیوکامپ شکستی هێناوە.

پێشتر و لەکاتی گواستنەوەی هاوینەی یاریزاناندا چەند سەرچاوەیەکی هەواڵ بڵاویانکردەوە لیۆنێل مێسی داوای گواستنەوەی دی ماریای لە یانەی بەرشلۆنە کردووە.




# بنزیما
# دەبێتە قوربانی

یانەی ریاڵ مەدریدی ئیسپانی دەیەوێت کەریم بنزیما بکاتە قوربانی و لەگەڵ یاریزانێکی گەورە گۆڕینەوەی لەگەڵ بکات.

رۆژنامەی دەیلی ستاری بەریتانی بڵاویکردووە فلۆرەنتینۆ پیریێزی سەرۆکی یانەی ریاڵ مەدرید لێکۆڵینەوە لە فرۆشتنی کەریم بنزیما و کڕینی ئەنتوان گریزمانی هێرشبەری یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید دەکات.

رۆژنامەکە بڵاویشیکردووە ئەگەر هەیە بنزیما روو لە یانەی ئارسناڵ بکات، پێشتریش یاریزانە فەرەنسییەکە سەرسامبوونی

# گیگز: شەیتانە سوورەکان پێویستیان به گاریس بەیل هەیە



رایان گیگزی ئەفسانەی پێشووی یانەی مانچستەر یونایتد داوا دەکات یانەی شەیتانە سورەکان گرێبەست لەگەڵ گاریس بەیل-دا مۆربکەن.

رایان گیگز رایگەیاندووە بۆ ئەوەی یانەی مانچستەر یونایتد نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا دەستەبەر بکات، پێویستە گرێبەست لەگەڵ گاریس بەیل مۆربکات.

گیگز گوتی: پێویستە سەیری پێکهاتەی ئێستای مانچستەر یونایتد بکەین و پرسیاری ئەوە بکەین، کە ئایا بەو پێکهاتەیەوە دەتوانن نازناوی چامپیۆنس لیگ ببەنەوە؟.

گیگز زیاتر روونیکردووە: بەبرچوونی خۆم مانچستەر پێکهاتەیەکی تەواو نمونەیی نییە، ئێمە تەنیا پۆگبا و لۆکاکۆمان هەیە، کە توانایی دروستکردنی جیاوازییان هەیە، هەروەها دی خیا و راشفۆردیش دوو چەکی بەهێزن.

گیگز گوتی: ئەگەر دەستەی کارگێری مانچستەر یونایتد بڕیاری گواستنەوەی گاریس بەیل بدات، بەبۆچونی من شەیتانە سورەکان بەرپێژەیەکی گەورە توانای دەستەبەرکردنی نازناوی چامپیۆنس لیگیان دەبێت.

یانەی مانچستەر یونایتد وەرزی رابردوو نازناوی خولی ئەورووپی ناسراو بە یۆرۆپا لیگی بردەوە و لەو رێگەیەوە بلیتی بەشداریکردنی لە چامپیۆنس لیگی ئەمساڵدا بەدەستهێنا.



خۆی بە گەنەرز دەربڕیوەو یانە ئینگلیزیەکەش هەوڵی واژوو کردنی گرێبەستی لەگەڵدا داوە.

دەیلی ستار بڵاویشیکردووە دوو یەکسان بوونەکەی ریاڵ مەدرید لەدەستپێکی وەرزی نوێی لالیگادا پیرێزی نیگەران کردووە، لە ئێستاشەوە پلانی دارشتووە گریزمان و دیبالا بۆ ریزی یانەکەی بگوازێتەوە.

راپۆرتەکانی هەواڵیش لە ئیسپانیاوە بڵاویانکردووە زینەدین زیدانی راهێنەری مێرەنگی بۆ جێگرتنەوەی مۆراتا، داوای گواستنەوەی هێرشبەرێکی لە فلۆرەنتینۆ پیریز کردووە.